# موزەفەری موحەمەدی حککا و خەونە هەلبزأکاوەکانی

حاجی ئەنوەر 22-6-2003

بەشی یەکەم :

هاورێیەکم نامەیەک وپەرتوکێکی بەناوی (بزوتنەوەی شورایی لە کوردستانی عێراق) بۆ ناردم کە هێمای بە لاپەرەکانی ٩٥ـ١٠٢ کردبوکەتێیدا چەند جارێک ناوی منی تیادا هاتبو پاش خوێندنەوەی ناچار بووم ئەم وەلامە بدەمەوە. پێش ئەوەی بچمەسەر وەلامەکە دەمەوێت هەندێک قسەش بکەم هیوادارم ئەو کەسەی کەتاقەتی خوێندنەوەی ئەم نوسینەی دەبێت بێتاقەت نەبێ.

١ـ مارکسیستەکان لەمێژودا بە مرۆڤی خۆشنیوو خۆبەخش و ڕاستگۆو هۆشیار ناسراون، بۆئەوەی زۆر دوورنەکەوینەوە، لە مێژووی تازەی گەلی کوردا سەدان نمونەی لەو مرۆڤە نەمرانەی تیایە، کەتا دواهەناسەیان بە ڕاستگۆی خەباتیان کردو گیانی خۆیان لە پێناوی ئەو بیرە مەزنە شۆرشگێرییە بەخشی و کەجێگەی شانازی و سەروەرین بۆ ئەو بیرەو ڕێبوارانی ڕێگای مارکسیزم. سەیر لەوەدایە خۆ بە کۆمۆنیست زانەکانی مەنسوری حیکمەت ئەگەر چی بەناوی کۆمۆنیزمەوە خۆیان ناساندووە ئەو لەزمەیەشیان داوە بەدەست حیزبە بۆرجوازیەکانی کوردستانەوە کە کۆمۆنیزم لەواندا بەرجەستە بکەنەوە و تەشیر بە کۆمۆنیزم بکەن لە ئەنجامی کارەنادروستەکانیان کەدوور یان نزیک هیچ پەیوەندیەکی بەکۆمۆنیزمەوە نیە وکێشەیەکیشە بۆ نەوەی داهاتو هەر وەک ئەمرۆ بدرێتەوە بە ڕوویاندا و پێیان بلێن ئەوە نەبو کۆمۆنیستەکان وایان ووت و وایان کرد، کەمن نامەوێت لێرەدا دووبارەی بکەمەوە چونکە ڕۆژانە کەسانی تر لە نوسینەکانیاندا باسی دەکەن و قسەی لەسەر دەکەن. ئەوەی کەدەمەوێت باسی بکەم ئەوچەند لاپەرەیەیە کەموزەفەر محمدی لە کتێبەکەیدا نوسیویەتەوە.

١ ـ ئاغای محمدی دەیەوێت وانیشان بدات کە شوراکان لە سەر دەستی مەیلی کۆمۆنیزمی کرێکاری دامەزراوە، هەربۆیە هاتوە پەیوەندی بە کەسانی ئەو مەیلەوەکردوە و قسەو باسەکانیانی لەو کتێبەدا کۆکردوەتەوە (ئەو ئازادە) ئەوەی کە گرنگە ئەگەر ڕاستە ئاغای محمدی لەکاتی ڕاپەریندا وەک چاودێرێک یان وەک هەلسوڕاوێکی ئەو بزوتنەوەیە هەلسوراو بووە بۆ ئەوەی بەرهەمەکەی پاک و دوور لە تەزویر بوایە، بۆ ئەوەی وەک سەرچاوەیەک سوودی لێوەربگیرایە دەبوایە لێکۆلینەوەی لە قسەو باسانە بکردایە

٢ ـ لە کتێبەکەدا زۆر ناو هاتوەو وەک کەسانی کاریگەر لە شوراکاندا ناساندوین بەلام نەهاتوە بیروڕای ئەوانیش وەربگرێت کە ئەمە کارێکی بە ڕێکەوت نیە. بۆ نمونە ژمارەیەک وێنەی شورای سەیوانی بلاوکردوەتەوە ئایا نەدەکرا پەیوەندی بە ئەندامانی بنکەی سەیوانەوە بکەیت وەک عەلی مەکتەبەی ڕاپەرین یان ڕەحمانی خەیات یان. . . . . . . . ؟ بەلام ئەمەی بۆ نەکردوە !!! ئەگەر دەلێت هەورامان عەلی قسەی کردوە ئەوەتا لە لاپەرەی ١٠٥ ی کتێبەکەتدا هەورامان عەلی دەلێت (لە یەکەمین کۆبونەوەی دەستەی سەرپەرشتیاری بنکەدا بە ڕۆشنی لە ٣/١١ دا. . . . ) . دیارە ئاگاداری ئەوە نەبوی کە بنکەی سەیوان وڕاپەڕیوانی ئەو گەڕەکە پاش گرتنی سانەوی سلێمانی و پۆلیسی سەیوان و مقری علی لوت ماسی لە ڕۆژی ٣/٨ کۆبونەوەی گشتیان کردو نوێنەری خۆیانیان هەلبژارد. دیاریشە کەسی سەر بە حیزبەکەشت دەست نەکەوتوە کە ئەندامی سەرەتای ڕاپەڕین و ئەو بنکەیە بوبێت تا قسەت بۆ بکات.

٣ ـ شورای شارەوانی کە بەهێزترین و کاریگەرترین شورا بو لە شاری سولەیمانیدا بۆ نەهاتویت پەیوەندی بە ئەندامێکی هەلبژێردراوی ئەو بنکەیەوە بکەیت ؟. کە ئەو بنکەیە ترسی خستە دلی بۆرجوازی

کوردەوە و خەلکی شار ستایشی شورای شارەوانیان دەکردو دەیان ووت (ئەگەر شورای کرێکارانی شارەوانی نەبوایە، بۆنی کەلاکی تۆپیوی فاشستەکان شاری پێ چۆلدەکردین) .

٤ ـ یەکێک لە خالە پرشنگدارەکانی ڕاپەڕین و بزوتنەوەی شورای مەحکەمە شۆڕشگێڕانەکەی خەلک بو کە تا ئێستاش خەلکی هەژارو بەشمەینەتی کورد شانازی پێوەدەکات و ئێوەش تا چەند سالێک لەمەو پێش، پێش ئەوەی بچنە سەر دینی مەسیحی دەتان ووت (کرێکارانی و زەحمەتکێشان تاوانبارانیان دادگایی دەکرد و ناسیونالیزمی کوردیش دالدەیان دەدان و وەرەقەیان بۆ دەکردن) . ئاغای محمدی ئایا نەدەکرا پرسیارێک لە چۆنێتی مەحکەمە شۆڕشگێڕانەکەت بکردایەو کێ بوون ئەوانەی مەحکەمە کران و بۆ مەحکەمەیان کردن وتاوانەکانیان چی بو شکات کەران کێ بوون و چی بوون شکاتەکانیان ؟. بەلاّم نەهاتویت لە کتێبێکی ٢٨٤ لاپەڕەیدا، نیو لاپەڕەی بۆ تەرخان بکەیت.

٥ ـ تۆوەک ئەوەی کەخۆتت ماندوکردوەو دەبوایە ئەوەندەش ئاگادار بیت لە مێژوی ڕوداوەکان ئەوەتا نوسیوتە (١٢ ی مارت. . . یەکەمین دانیشتنی هەلسوڕانی بزوتنەوەی شورایمان سازداوە، لە بنکەی ئاوات کە دوو ڕۆژەپێکهاتوە، وەبڕیاری. . . .) ل١٦.

ئەگەر بلێم ئەوکاتە هەرلەکوردستانیش نەبویت بەهەلەدا ناچم و هەمو کەسێک باوەڕم پێدەکات بێجگە لەو نەگبەتانەی کەئەندامی حیزبەکەتن کەشتێک نازانن ئەگەر لەزاری ئێوەوە نەکەوێتە خوارەوە. بائەمەشت بۆ ڕاست بکەمەوە نەوەک جارێکی تر بە زمانێکی تر ئەو کتێبە بنوسیتەوە بۆ ئەوەی خوێنەرانی ئەو زمانەش بەهەلەدا نەچن، مەبەست لەوەنیە کەخوێنەری کورد بەهەلەدا چوە، چونکە من باوەڕم وایەزۆرکەم لە کوردان ئەو کتێبەیان خوێندوەتەوە ئەگینا هەرکاتی خۆی وەلاّمیان ئەدایەتەوەو زۆربەی لاپەڕەکانیان بەتەزویر ئەدایە قەلەم. شورای ئاوات لە ڕۆژی ٧ /٣ پێکهێنراو لە ٨ /٣ مەحکەمە شۆڕشگێڕانەکەی خەلکی تیا کراو لە ئێوارەی هەمان ڕۆژچەک بەسەر خەلکیدا دابەش کراو لە ٩ /٣ لیژنەی گەڕان بەشوێن تاوانباراندا پێکهێنراو لیژنەی لێکۆلینەوەلە بەلگەنامەکان لە ئێوارەی ئەو ڕۆژەدا دانراو خەستەخانەکەو دکتۆر ڕێبوارو کارمەندانی تروگێڕانەوەی داودەرمان و دەورەی فێرکردنی بەکارهێنانی چەک و تەقەمەنی و ڕۆشتنی هێزی شورا بۆ گەرمیان و خانەقین کردنەوەی پەناگا بۆ ژن و مندالە عەرەبە کان. . . . ئەمانە لە ١٠ی مارت کرابون کەچی تۆ دەلێیت لە ١٠ مانگدا بنکەی ئاوات پێکهێنراوە. ئایا هەقم نیە گەر بلێم ئاغای محمدی تۆ ئاگات لەو مێژوە نیە بەلاّم کۆمەلێک زانیاریان بەهەلە داویتەتێ و تۆش کوێرانە خستونەتە سەر کاغەز.

٦ ـ من لە یەکەمین ساتی پێکهێنانی بنکەی ئاواتدا تاوەکو ٢٠ /٣ کە بەرەو کەرکوک ڕۆیشتین بەردەوام شەو ڕۆژ کارەکانی بنکەمان دەبرد بەڕێوە، تاکار گەیشتەئەوەی خێزانەکەشم بێتە بنکەوە پەیوەست بێت بە ژنەکانی ترەوە. کەسێکم نەدی بەناوی موزەفەری محـمدی یان فەتاحـی یان سـولتان خەسرەوی وەک ئـێوە ئیـدعای دەکەت (سەرەتای کۆکردنەوەی هەلسوڕانی بزوتنەوەی شوراییەلە ناوەندێکدا، ئێمە هەلسوڕاوانێک کەلەئاستی سەرتاسەری دا کاردەکەین، لە دەوری یەک کۆبوینەتەوەویەکەمین دانیشتنی هەلسوڕانی بزوتنەوەی شورای مان سازداوە لە بنکەی ئاوات. لـ١٦) .

بەلاّم هاوڕێیانی بنکە منیان بانگ کردە ژورێکەوە کەچوم زیاتر لە نیوەی هەلسوڕاوان لە ژوورەکەدا بون و نارەزایەتیان نیشان دا لە بەرانبەر علی مەلاعومەر (خەسرەوسایە) وەمنیان تاوانبار کرد کە من هێناومەتە ئەم بنکەیە ودەیان ووت نەپێش ڕاپەڕین ئەم شەخسە بەشداربوە لەگەلماندناو نەلەکاتی ڕاپەڕیندا لە هیچ شوێنێک دیار بووەوخوا دەزانێ چەند سالە خۆی لە ژورەوە سجن کردوەو کتێب

دەخوێنێتەوەو ئێستا بە ئێمەی دەفرۆشێ وتا بەعسیش نەڕوخا لەکونی ژوورەوە نەهاتۆتە دەرەوەو دوێنێ عەسریش هێنات، بەخۆشیەوە ناوەستێ ژووریکی پڕکردوە لە فارسەکان کە مەشکوکین لێیان، بۆیە هەر موشکیلەیەک ڕوبدات تۆ بەرپرسی و دەبێت تحەمولی ئەنجامەکەی بکەیت !!.

شوراکان هەمو کۆبونەوەو بڕیارەکانی ئاشکراو لەناو خەلکەوەبوو هەربۆیە ئەو کۆبونەوە نهێنیە منیش خستە دوودلیەوە ناچاربووم بڕیاری ئەوەبدەم ئەو کەسانەی کە لە ژوورەکەدا بەدزیەوەو دوورلەچاوی جەماوەر کۆدەبنەوە لە بنکە دەریان بکەم، چونکە مسولیەتی هێنانی خەسرەویان خستە ئەستۆی من، کاتێک ئەو (کاروان) ەی کە ناوی هاتوە لە کتێبەکەتدا ژوورەکەی نیشان دام !! ئەو سەلاح چاوشینەی کە خۆت دەلێیت کۆبونەوەت لە گەل کردوە، داوای لێکردم کە گوێ بگرم و بۆم ڕوون بکاتەوە کێیە ئەو کەسەی لە ژوورەوەیە، سەلاح ووتی سەید ئیبراهیمی عەلی زادەیە لەگەل چەند کەسێکی خۆیاندا. ئەو دەیزانی سەید ئیبراهیم کەسێکی مارکسیست و شۆڕشگێرە و بەرهەمی خەباتی کۆمەلەیە و کۆمەلە جێگەو ڕێگەیەکی تایبەتی لە ناو چەپی کوردا هەیە بۆیە ناوی هاوڕێ سەیدی هێنا.

دەمەوێت ئەوەشت پێبلێم لە سالی ١٩٩٣ دا سەلاح چاوشین پێی ووتم ئەو کەسەی لە ژورەکەدا بوو موزەفەری محمدی بوو نەک سەید ئیبراهیم.

٧ ـ ئاغای محمدی، ئەگەر جەنابتان بەنیەتی پاک و دلسۆزانەبۆ بزوتنەوەی شورای و دەستەلاتداریەتی شورایی تێکۆشاون وەک خۆت ئیدعای دەکەی بۆ نەهاتن لەناو ئەو دەیان هەزار هەژارو زەحمەتکێشانەدا قسە بکەن یان هەرهیچ نەبوایە لە گەل نوێنەرانی ڕاستەقینەی شوراکاندا قسەو باستت بکردایە وەک دەیان کەس لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی کە چەندین کەسیان گیانیان بەخشی لەپێناوی ڕزگاربونی خەلکی بەشمەینەتی کوردستان، خۆ بەبەر چاوی هەمو لایەکەوە پێشمەرگەکانی کۆمەلەو دیموکرات وڕەنجبەران و سازمانی خەباتیش کەتەنها لە هەلمەتێکا چوار کەسیان گیانیان بەخشی، ئەمە بێجگە لەو هەمو فیداکاریە کە ئەندامانی ئەو لایەنانەی سەرەوە دایان کە وێنەکانی سەرجادەکانی سلێمانی شاهیدن. نەک بچیت بە دزیەوەو هەرجارەی بە جلو بەگێک و شکل بگۆڕی بەترسەوە خۆت بکەی بە بنکەدا، کە بنکەکان کراوە بوون بە ڕووی هەمو شۆڕشگێرێکدا و ئێمەش شانازیمان بکردایەو بمانزانیایە پشتو پەناکانمان هەر ئەوانە نین کەبەچەکەوە لەگەلمانن و بەلکو لایەن و کەسانی تریشمان لەگەلە دیارە مەشکوک بوی لە پێشنیارو باسەکانت. یان جگە لەو چەند کەسەی کە پەیوەندیت پێوەکردون باوەڕت بەکەس تر نەبوە لە ڕاپەڕیندا چونکە دەتزانی ئەو قسانەی تۆ دەیکەیت کەس گوێت بۆ ناگرێت و باوەڕت پێ ناکەن چونکە کات کاتی ڕاپەڕین بو، مرۆڤ لەو کاتانەدا هۆشیارو بەرپرسانە کاردەکەن و بە ئاسانی ناچنە ژێر باری هەمو قسەیەکەوە.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت